# با ڕێکخراوی کرێکاری بە هێزی خۆمان دامەزرێنین!

**کرێکاران!**

**ئیمڕۆژە یەکێ لە سەرەتاییترین مافی بێ ئەملاوئەولا و ناسراوی کرێکارانی جیهان پێکهێنانی هەر چەشنە ڕێکخراوێکە کە بیانەوێ. لە دنیای ئەمڕۆدا کرێکاران ڕێکخراوەکانی خۆیان بێ مۆڵەتی دەوڵەتان پێک دێنن و دەوڵەتەکانیش بە پێی ستانداردە جیهانییەکان تەنیا ئەرکی سەرشانیان لەمبارەوە تۆمارکردنی ئەو ڕێکخراوانەیە و ئەگەریش ڕێکخراوێکی دیاریکراوی کرێکاری تۆمار نەکرێت، دەبێ مافی پێکهاتن و چالاکینوواندنی هەبێ.**

**دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە پەیماننامەکانی ژمارە 87 و 98 ی ڕێکخراوی ناونەتەوەیی کاری پەسند کردووە، بەڵام نە تەنیا بە کردەوە ملی نەداوە بەم پەیماننامانە، بەڵکو بە هەموو هێزیەوە دژی داخوازیە کرێکاریەکان وەستاوەتەوە. ئەمڕۆکە لەم گۆشەیە لە دنیا، کرێکاران مافی بەهرەمەندبوون لە ڕێکخراوەی سەربەخۆ و سەراسەریان لێ زەوت کراوە. بە بیانووی بەڕێوەبردنی ئازادانەی مەراسمی یەکی ئەیارەوە دادگایی دەکرێن. لە خاتوونئاباد لەسەر داواکردنی کار و ئەمنیەتی کاریی دەکوژرێن. بۆ زیندوومانەوە ناچار دەکرێن مل بە مووچەی بە پێی ستانداردەکانی 20 ساڵ لەمەوپێش بدەن. بۆ بەدەسهێنانی کارێکی کورتماوە ناچار دەکرێن پەیماننامەیەکی سپی بێ مەرج قبووڵ بکەن. چەوسانەوەی دووسەرەی ژنان بە مووچەیەک کە یەکسانە بە سێیەکی لانیکەمی مووچە نەبووە پەسندکراوەکەی دەوڵەت، هەروا درێژەی هەیە. منداڵان، بەجێی خوێندن و ژیانی منداڵانەیان، بە شێوەیەکی دڕندانە لە کارگا ژێرزەویەکاندا و لە هەندێ شوێنیش بە دزیەوە ناچار بە کاری کۆیلەتی دەکرێن.**

**کرێکاران!**

**بۆ ڕزگاری لەو هەموو ڕۆژڕەشی و هەژاریی و بێمافییانەمان، بەر لە هەر شتێ پێویستە ڕێکخراو بین. بێگومان ئێمە ڕێکخراومان لە هیچ دەوڵەت و دەموزگایەک ناوێ. لە ڕێکخراو بەهرەمەندبوون مافی مسۆگەری ئێمەیە. با ڕێکخراوی خۆمان بە دەستی خۆمان پێکبێنین و پاشان داوا لە دەوڵەت بکەین دانی پیا بنێ و بەڕەسمیەتی بناسێ. پێویستنەبوونی مۆڵەتی دەوڵەت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەی کرێکاری ئەوەندە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، کە تەنانەت لە پەیماننامەی ژمارە 87 ی ڕێکخراوی ناونەتەوەیی کاریشدا، کە پەیوەندی بە ڕێکخراوی کرێکارییەوە هەیە و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش پەسندی کردووە، بە ڕۆشنی باسی لێوە کراوە. هەر بۆیە ڕێکخراوی ناونەتەوەیی کار، کە خۆی داڕێژەری ئەو پەیماننامانەیە و بە دەوڵەتانی ئیمزا کردوون، ئەرکی سەر شانیەتی، کە بە جێی ساتوسەودا لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، پابەندی بەڵێننامەکانی خۆی بکات و بە پێی ئەرکێک کە لە ئەستۆی گرتووە،دەوڵەتی ئێران ناچار بکات، کە دەس لە سەرکوتی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری هەڵگرێت. هەروەها دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەرکیەتی ئەمنیەتی هەڵسووڕانی کرێکاری دابین بکات.**

**ئێستاش ئەی هاوچینە شەریفەکانمان!**

بە پێی بەرژەوەندی هاوبەش و چینایەتیمان، پشتیووانی لە کرێکارانی ئێران ئەرکی سەر شانی هەر ئینسانێکی شەریفی ئەم دنیایە. هەست و نیستی کرێکارانی ئێران بە هۆی هێرشە بەردەوامەکانی سیستمی سەرمایەدارییەوە با بردە بووە. ئێمە، لە ئێوە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری، یەکیەتی و سەندیکا کرێکاریەکان،ئەنجوومەنەکان و لایەنگرانی چینی کرێکار داوا دەکەین، کە هاوکاری و پشتگیریمان بکەن.

# کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری

موحسین حەکیمی (وەرگێر)، بێهرووز خەبباز (ئاسنکار)، بەهرام دزکی (جۆشکار) و مەحمودساڵحی (نانەوا)
http://www.komiteyehamahangi.com
Komiteye_hamahangi@yahoo.com

کۆپیەک بۆ: ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ
کۆنفدراسیۆنی ناونەتەوەیی یەکیەتیە ئازادە کرێکارییەکان
ڕێکخراوی ناونەتەوەیی کار

**ئێمە ئەوکەسانەی ناو و ئیمزامان هاتووە، ئەم بانگەوازەی سەرەوە پەسند دەکەین و ڕێکخراوی کرێکاری بە هێزی خۆمان دادەمەزرێنین:**

---

**دەقی بانگەوازە فارسیەکە، کە تا ئەمڕۆ 3029 کەس ئیمزایان کردووە لە سایتی کۆمیتەی هاوئاهەنگی دامەزراندنی ڕێکخراوەی کرێکاری دەس دەکەوێ:**

**http://www.komiteyehamahangi.com**

وەرگێڕان لە فارسیەوە: **سۆران زەکی**